کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-12-2006 10:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەلامێک بۆ پرسیارەکەی بەڕێز کانی هەڵەبجەی کە ئەڵێت:ئاخر پێمان ناڵێن ئیمزاکان ئیستا لە کوێ زیندە بە چاڵ کراون؟ ... گولالە پشدەری

بە ڕێزان لە دووای نووسینی بابەتەکەی ئەو بەڕێزە بە پێویستم زانی وەڵامێک بۆ ئەو و ئیوەی بەڕێزیشتان ڕوون بکەمەوە لە سەر بابەتی کۆ کردنەوەی دەستنەخش (ئیمزا) و ناو لە گەلی کورد بۆ دەرخستنی نارەزایيان بەرانبەر بە ڕاپۆرتی (lee Hamilton –james Baker)
و بۆ پشتگیری لە هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە کە هیچ بەرژەوەندییەکی گەلەکەمانی تێدا نادیترێت.
بۆ کورتە خۆپێناسینێک ئەتوانم بڵێم کە ئیمە گروپێکی خۆبە خشین کە بە پشتیوانی ژمارەیەک لە ژورەکانی کوردستانی پاڵتاڵک وەکو:

-ژوری لقی pdk6 ئەوروپا
- ژوری قز ل تەپە باکوری کوردستان
- ژوری رۆژئاوای کوردستان
- ژوری لالەشی یەزیدیان
-ژوری پێشمەرگە دێرینەکان
-ژوری کوردستان سەنترۆم
-حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
و مەلپەرەکان لە سەر ئاستی ئەروپا کار دەکەین بۆ بەرز کردنەوەی دەنگی کورد بۆ لایەنەکانی بەرپرس لە ئەو ڕاپۆرتە وەک سەرۆک بۆش (president Bush) و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر. بۆ ئەم مەبەستە کەمپینێکی (kampin) نارە زای /پشتگیری هاتە کایەوە و بە هاوکاری گشت گەلی کورد بوو و سەرجەم پارتەکان بە بیر و بۆ چوونی جیاوازەوە و هەروەها بێ لایەنانیش بەشداری ئەو خۆ پێشاندانە (مۆدێرنانە) بوون کە لە چوارچێوەی دێموکراسییەت دا خۆی گونجاندبوو.
کامپینەکە یێستاش بەردەوامە و کاری بۆ دەکرێت. بەڕێزان ئیمە لە جیاتی دەستنەخش (ئیمزا) ناومان کۆ کردوونەتەوا بە ڕێگای نامەی ئیلکترۆنی(e-mail+formy online le melpery pdk6 ) .
بە بیر و بۆ چونی من لە وەلامی ک. هەڵەبجەی دا کە بۆ چی ئیمزا لە بری خۆ پێشاندان؟ ئەڵێم:
1-ئەو ڕاپۆرتە هیچ سیفەتێکی فەرمی نیە، کە واتا لە وانەیا جێ بە جێ نەکرێت.
2-کورد نا یاری زۆرە و بە هەر جووڵانەوەیەک تەنگەژنەمان بۆ درووست ئەکەن و کێشەکانمان گەورەتر ئەکەن.
3-گەلی کورد ڕابردووی تاڵی هەیە و نایەوێت نایاری لە وە زۆرتر بێت بە کوردی نایەوێت ئەمەریکا وەک دژمن مامەڵەی لە گەڵ بکات.
4- لە ئۆپۆزیسۆنی لوبنان باس ئەکەی کە چەند سوورە لە سەر ویستەکانی خۆی و سەر شەقامیان گرتووە. بەلاّم هەمومان ئەزانین کە ئۆ پۆزیسونی لوبنان یەک دوونیا عەرەب و عەجەمی لە پشتە. ئەوان وەک کورد نین کە لە بازنەیەکی تەنگ دا کۆ کرابنەوە.

باس لە هەڵوێستی گەنجان هاتووا، کە ئەوان ئەبێت نە هێڵن داوکاری و هیواکانیان ژێر گڵ بکرێن.
بەڕاستی ئێمە لە ناو ئەو ناوانەدا ڕێژەیەکی بەر چاو لە ڕای گەنجانی زانکۆ، نووسەران، یاساناسان و کەسایەتیە بە ناو بانگەکانمان بۆ هاتووا کە لە گەڵ هەڵوێستی سەرۆک بارزانی یەکن و نارەزای خۆیان دەربڕیوە بەرانبەر بە ئەو ڕاپۆرتە.
لێژنەی پشتگیری کامپین پێک هاتبوو لە ژمارەیەکی بەر چاو 43 کەس لە کۆمەڵێک خەڵکی کورد بە بیر و بۆ چوونی جیاوازی سیاسی ولێژنەیەکی شەش کەسی کە کاری وەر گرتنی ناوەکانیان بە ئەستۆ گەرتبوو و

بەڕێز ڕۆژنامەوان و نووسەر کاک تاریق فەقێ، سەرپەرستی لێژنەکە لە ئاڵمانیا.
بەڕێز کاک سلیمان پشدەری دەستەی بەرپرسیاری کەمپین لە بریتانیا.
بەڕێز کاک هوشیار نێروەی دەستەی وەرگرتنی ناوەکان لە سویسرا.
بەڕێز کاک سۆران حەسەن دەستەی وەرگرتنی ناوەکان لە سویسرا
بەڕێز کاک کامەران باوزی دەستەی وەرگرتنی ناوەکان لە بریتانیا
بەڕێز کاک ڕزگار ڕەنجەرۆ دەستەی وەرگرتنی ناوەکان لە هۆلاندا
بەڕێز جەلیل قەلادزەی دەستەی وەرگرتنی ناوەکان لە هۆلاندا
گولالە پشدەری دەستەی وەرگرتنی ناوەکان لە هۆلاندا

ئەو دەستەیە توانی بە سەرکەوتوانە ئەرکی نشتیمانی خۆی بە جێ بگەیەنێت.
جێگەی باس کردنە کە بەڕێز کا ک تاریق فەقێ لە ڕۆژانی داهاتوودا واتا پێش سالی تازە سەرجەم ناوەکان، وێڕای ناوەکانێش نامەی نارەزای گەلی کورد بە کۆشکی سپی و جۆرج بۆش ڕادەگەیەنێت.
خۆزگە بەڕێز کانی. هەڵەبجەی هەر چەندە نووسەرێکی گەنج و بە هێزە بەلام بۆ زیاتر و دەوڵەمەند کردنی زانیاری خۆی پێش نووسینی بۆ چوونەکانی پرسیارێکی لە ئەو بابەتە لە بەرپرسانی ئەو ئەرکە کردبایە و بێ گوومان وەلامی دەدرایەوە.

لە گەل ڕێزم دا

هۆڵەندا

Goli-67@hotmail. com